# ماکۆ




ماکۆ، ماکی یان مادکۆ یەکێک لە شارۆچکەکانی پارێزگای ورمێ دەکەوێتە باکووری ئەم پارێزگایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی شارستانی ماکۆیە.

ئەم شارۆچکەیە بەدووری (٢٤کم) کەوتووەتە باکوری ڕۆژاوای شارۆچکەی شەوت و بەدووری (٤٩کم) کەوتووەتە ڕۆژاوای شارۆچکەی پۆلدەشت و بەدووری (١٧کم) کەوتووەتە باشوری سنووره دەسکردەکانی نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکار ئێران و تورکیا و بەدووری (٢٨کم) کەوتوتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سیاهچەشمە و بەدووری (١٨کم) کەوتووتە باشوری شارەدێی بازەرگان.

وەلە کۆندا بەم ناوانەش ناوی هاتووە (ئارتاز و شاوارشان و قەڵای قەبان و ماکی).
هەروەها ڕووباری زەنگەمار بە نەوەندی ئەم شاڕۆچکەیەدا تێپەڕ دەبێت و ئەم شارە دەکات بە دوو بەشەوە.

ناوی ماکۆ لە کوێوە وەرگیراوە:

لە زمانی ئەرمەنیدا واتای ووشەی (ماکۆ) یان (ماکی) واتای (کێڵگە) دێت لەبەرئەوەی لە دەورووبەری ماکۆدا کێڵگەی زۆر هەیە و سەردەمانێک ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنییەکاندا بووە.

مادەکان لەم هەرێمە ژیاون لەسەردەمی پاشا ئیشتوویگوودا، وە ناونراوە (ماد کۆ) کە بەواتای ئەمڕۆ کێوی ماد و بەپێی کات گۆڕاوە بۆ ماکۆ.

مێژوو

لە ناوچەی بازرگانی ئازادی ماکۆدا شارێکی دێرین دۆزراوەتەوە، کە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی ساسانی دەگەڕێتەوە.

مێژوویەک لەوەدوا ئەم شارۆچکەیە بەشێک بووە لە دەسەڵاتی ڤاسپورکانی ئەرمەنیەکان.

لەناو ماکۆدا قەڵایەک هەیە بەناوی قەڵای قەبان و شا عەباس ئەو قەڵایەی وێران کرد لەبەرئەوەی شوێنی بەرهەڵستکاران بوو، دەتوانین بڵێین ئەم شارۆچکەیەی ئەمڕۆ بنیات نراوە لە ساڵی (١٦٣٥ز). پاشان ئەم شارۆچکەیە لەژێر جڵەوی سەلجوقی و عەرەبەکان بووە

ڕوی گۆنزالس دێ کلاڤیۆ کە نێردەری پاشای ئیسپانیا بوو لە ساڵی (١٤٠٣)دا شارۆچکەی ماکۆی بینیوە، نوسیویەتی قەڵایەک لەم شارەدا هەیە و حاکمەکەشی مەسیحیە و ناوی نورەدینە، بە ووتەی ئەو پاسەوانەکانی هەمووی ئەرمەنی بوون.

لە کاتی پەیمانی گوڵستان ململانێ هەبوو لەسەر شارۆچکەی ماکۆ لە نێوان ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتیی ڕووسی.

ماکۆ پایتەختی خانەکانی ماکۆ بوو، کاتێک کە نیمچە سەربەخۆبوون لە سەدەی حەڤدەدا لەکاتی هەڵوەشانی دەوڵەتی سەفەوییەکان.

ماکۆ بووە پایتەختی بنەماڵەی جەلالیان لە ساڵی (١٨٦٠ز) کاتێک دەسەڵاتی قاجارییەکان کەم بووەوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی شائیسماعیلی سەفەویدا کوردەکان کە خواستی جیا خوازیان هەبوو وە بەهۆی بیری مەزهەبییەوە بەلای ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیدا دەڕۆشتن و ببونە ئاستەنگ لەبەردەم دەسەڵاتی سەفەوییەکان ئەمەش وەهای لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرد بەدرێژایی مێژوو کە کورد لەم ناوچەدا دوربخەنەوە و مەرامیان بپێکن، بەهۆی ئەوەی ماکۆ لەسەر سنوری ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و سەفەوییەکان هەڵکەوتووە و شوێنێکی گرنگە شا ئیسماعیل هەستا بە کۆچ پێکردنی کوردان لە ناوچەکەداو دورخستنەوەیان بۆ خۆراسان و لەجیاتی ئەوان ئازەری هێنا بۆ هەرێمەکە، ماکۆ ئێڵی بەیاتی تورک زمانی بۆ هێنا و لەجێی کوردان نیشتەجێی کردن.

جوگرافیا




بەهۆی ئەوەی شارۆچکەی ماکۆ لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە شێوەی شارەکە درێژکۆلەیە، لەباکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی دانالوی بچوک و محەمەداوا و شاتر و سەعیداوا، لەباشوورەوە لەگەڵ گوندەکانی قەلاجوق و دەرگاقولو و جانەزیز و کاروانقڕان، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گوندی هەندوەر، لە ڕۆژاواوە لە گەڵ گوندی باخچەچوغ.

چەمی زەنگەمار ئەم شارۆچکەیە دەکات بە دوو بەشەوە کە بەشی باکووری بچوکترە لە بەشی باشووری.

پێکهاتەی دانیشتوان

دانیشتوانی ماکۆ (٤١٨٦٥)کەسن، پێکهاتەی ئەم شارۆچکەیە ئاڵۆزەو لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش کورد و ئازەرین:

کوردەکان لەم شارۆچکەیەدا ژمارەیان (٢٢١٨٩) کەسە کەڕێژەیان دەکاتە ٥٣٪ی دانیشتوانی شارۆچکەکە.

**ئازەریەکان لەم شارۆچکەیەدا لە تیرەی بەیاتن و ژمارەیان (١٩٦٧٦) کەسە کەڕێژەیان دەکاتە ٤٧٪ی دانیشتوانی شارۆچکەکە. کە ئەم دانیشتوە ئازەریانە لە چەند سەدەیە هاوردە کراونەتە  ئەم ناوچەیە بەتایبەت دەورانی قاجار و بەردەوامن لە**

**پێکهاتەی شارۆچکەی ماکۆ لە ٢٠٠٦**

| پێکهاتە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| کورد | ٪٥٣ |
| ئازەری | ٪٤٧ |

**کەمێک**  هورینیدیمۆگرافی ناوچە کوردستانیەکان.

## کەش و هوا

**ئاوهەوای ماکۆ نیمچە ووشکە و لە ژێر کاریگەری چیاکانی زاگرۆس و دەریای ناوەڕاستدایە، لەهاویندا گەرم و ووشکە و لەزستاندا ساردە و کەمێک بەفری لێدەبارێت و لە بەهاراندا باراناوی و هەورەتریشقەی هەیە.**

## ئابوری

**لەبەرئەوەی ئەم شارۆچکەیە لە سەر سنوری نێوان دو وڵاتی داگیرکەر تورکیا و ئێران هەڵکەوتووە بووەتە شارۆچکەیەکی**

**بازرگانی و له پاڵ ئەوەدا خەڵکەکەی کەمێکی بە باخداری و کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن.**

**لە ساڵی (٢٠١١)دا دەوڵەتی ئێران ناوچەی ئازادی بازرگانی ماکۆی دروست کرد کە دووەم گەورەتین ناوچەی جیهانە و یەکەمینی ئێرانە، ئەمەش تەواوی کارکردنی ژیانی خەڵکی شارەکە و دەورووبەری گۆڕی و هەلی کاریان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە گۆڕا بۆ کاری بازرگانی.**

**کۆکردنەوە مەنسوور تەها**

---